

# هەڵوەشانەوەی PMF و هەنگاوێک بەرەو پێشەوە

خەسرو پیربال

✿ ماوەیەکە لە کوردستان ، هەواڵی هەڵوەشانەوە و گواستنەوەی هێزی PMF لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبیسترێ، کە بە ڕاستی وەکو مەسەلەیەکی گرنگ خۆی دەنوێنێت و زیاتر لە هەموو لایەنێک، میللەتی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەن بە یەکجاری PMF وەکو میراتێکی ڕەش و دەرەئەنجامێکی کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان ، هێندەی زووە لە کوردستان نەمێنن و بگەڕێنەوە ناو سنووری کۆماری تورکیا .

PMF وەکو هێزێکی ناوبژیکەر ناسرابوو ، بەڵام پاش کۆتایی پێهاتنی ئەرکەکانیان، زیاتر لەو کاتەی کە پێویست بوو مایەوە، ئێمە لە کوردستاندا درکمان پێدەکرد کە بە درێژایی چەندین ساڵ، PMF و لە دوواوەش بڕیاردەری سیاسی ئەم میلیشیایە، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی لە کوردستاندا بمێننەوە، بەڵام کوردستانییەکان و سەرکردایەتی حکومەت و هێزە سیاسیەکانی کورد ، بە بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەو میلیشیایە بێگانەیە ڕۆڵ و ئەرکیان کۆتایی پێهاتووەو دەبێت کوردستان جیبهێڵن.

بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ تورکیا ، بڕیارێکی چاکە و هەنگاوێکی تری نوێ و پۆزەتیڤە بەرەو سازدانی گۆڕانکاری جەوهەری لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتی تورکیا و هێزە سیاسییەکانی کوردستان ، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، هەروەهاش پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیادا ، ئەوەشیان هەنگاوێکی چاکە بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان دوو وڵاتی ناوچەکە .

ئەمڕۆکە، پاش هەڵوەشانەوەی PMF، کوردستان پێویستی بە بزووتنەوەیەکی نوێ هەیە نەوەکو تەنها لە لایەن تورکیاوە ، بەڵکو لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی تری ناوچەکەدا ، ئێمە وەکو میللەتی کوردستان ، یەکێکن لە چەندین میللەت و فەرهەنگی جۆراوجۆر و زمان و فیکری جیاواز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەتەک ئێمەشەوە فەرهەنگی تورکی و فارسی و عەرەبی هەن ، لەگەڵ ئەو وڵاتانەشەوە بێگومان پێویستمان بە بزووتنەوەی فەرهەنگی و سیاسی جیاواز هەیە، کە دەبنە بەشێک لە بەرنامەی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەمیش ئەو هێزو بزوتنەوانە دەگرێتەوە کە لەلایەن ،وڵاتانی دەوروبەرەوە، دەبێت کاری هاوبەش و پەیوەندی سیاسی و فەرهەنگییەکانمان بەرەو پێشەوە بەرن و ببنە بنچینەی باش بۆ دوزینەوەی زەمینەیەکی پتەو بۆ ئاشتی و هێمنی لە ناوچەکەدا و پەیوەندییە فەرهەنگییەکانی میللەتانی ناوچەکە پێشکەوێت و کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان بەسەر یەکترەوە هەبێت ، سوود لە ئەزموون و مۆدێل و هونەر و بنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای یەکتری وەربگرن . . .

پێدەچێ تورکیا و ئەندازیارانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، وردە وردە لە نزیکەوە، واقیعبینانە ڕەفتار بکەن ،ئەو چەند ساڵانەی ڕابردوو، بە ئەزموونێکی درێژ گەیشتنە ئەو قەناعەتە ، ئیتر دەبێت تێڕوانین و سیاسەتی خۆیان بەرامبەر ئەزموونی حوکمڕانی کورد بگۆڕن و بە سیاسەت و هەڵوێستی خۆیاندا بچنەوە ، مودێرنانە سیاسەت بکەن لەگەڵ کورددا.

ئەگەر ئەمڕۆ، کێشەی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، وەکو کێشەیەکی نێوخۆی تورکیا خۆی بنوێنێت، ئەوە شێوازی عاقڵانە و هەماهەنگی و ئاگادارکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا و هەروەها ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی کوردستانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپەسەند دەزانرێ لەهەر سیاسەتێک و چارەسەرێک بۆ ئەو مەسەلەیە .

حکومەتی تورکیا ، هەڵەیەکی ئیستراتیجی گەورە دەکات ، ئەگەر تاکڕەوانە و بەبێ هەماهەنگی ، یەکلایانە مەسەلەکە بگرنە دەست ، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ هێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەناوچەکەیە، هەروەها دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، باشتر و تووند وتوڵتر لە سنووری هەرێمی کوردستاندا جێگیربوونە ، ناکرێت پشتگوی بخرێن ، لێرەشدا ئەگەر تورکیا بەتەنها بێت ، ئەوە بێگومان یاری بە چارەنووس و پەیوەندییە ئیستراتیجییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا دەکات.

چونکە ئەمڕۆ، لە عێراقی نوێدا، بە شێوەیەکی فەرمی داننراوە بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان و زمانی کوردی ، هەروەها هەتا ئێستا، لە سەرتاسەری عێراق و ناوچەکەدا ، کەم و زۆر ، ئەوەی بۆ ماوەی ١٣ ساڵ پیادەکراوە لە کوردستانی عێراقدا وەکو مۆدێلێک ، کاریگەری خۆی هەیە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا.

لەو قۆناغە نوێیەدا ، کوردەکان ، بەگرنگییەوە دەڕواننە ، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی دراوسێ و ، لەوانەش تورکیا و سوریا و ئێران، جگە لە بەرژەوەندییە سیاسییەکان ، دەکرێ بۆ پرۆسەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی باشوور و عێراق، پێش هەر وڵاتێکی تری بیانی ، سوود لە ئەزموون و پسپۆڕایەتی کومپانیاکانی ئەو وڵاتانە ببینن و هەماهەنگی زیاتر دروست بێت .

دیارە پاش هەڵوەشانەوەو گواستنەوەی ئەم میلیشیایە بۆ ناو سنووری تورکیا و پاش ڕێزگرتنی حکومەتی تورکی لە بڕیار و دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان و ئەو شێوازەی کوردەکانی باشووری کوردستان دەست نیشانیان کردووە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا ، بۆ ئەوەی لەگەڵ میللەتان و فەرهەنگەکانی تردا بژین ، دەکرێ ئەمڕۆکە لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرمان بکەینەوە .. ■

Pirbal@hotmail.com